**کاک موحەممەد حەکیم، سەبارەت بەبەشداریکردنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی دا؛**

# ئەمجارە ڕێژەی کورد دادەبەزێت، بۆیە یەك لیستی لە ئێستادا زەروورترە



**ئا : هەژار حاتەم**

**دواجارکۆمەڵی ئیسلامیی بڕیاریدا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە مانگی کانوونی یەکەمی داهاتوودا، بچێتە لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە. هۆکارەکانی ئەو بڕیارەو زەرورەتی بۆ ئەم قۆناغەو چەندین پرسیاری تر کاك موحەممەد حەکیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵی ئیسلامیی وەڵامیان دەداتەوە:**

**+ دوای ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا لیستی سەربەخۆی خۆی هەبوو، دەنگێکی بەرچاویشی بەدەستهێنا، مانای چییە لەم قۆناغەدا دەچێتە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە، گرنگی ئەم بڕیارە بۆ ئەم قۆناغەو بۆ کۆمەڵی ئیسلامیی چییە؟**

ـ کۆمەڵی ئیسلامیی بەلیستی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی پێشوو بەشداربوو، ئەو بەشداربوونە بەلیستی خۆی، چاکترین وەڵام بوو بۆ ئەو کەسو لایەنانەی کە سەنگی کۆمەڵیان نەدەزانی، یان هەندێکیان کۆمەڵیان پێ نەماوو لەناوچوو بوو، بۆیە بەشداریی ئەوکاتمان بەتایبەت لە هەڵبژاردنی کوردستانو پارێزگاکان جێی خۆشحاڵیی جەماوەری کوردستان بوو، ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکەش لەلایەن خۆمانەوە باشترین وەڵام بوو بۆ ئەو زوڵمو پەراوێز خستنەی بەرانبەر بە کۆمەڵ دەکرا، هەروەها زەنگێك بوو بۆ دەوروبەر کە کۆمەڵ هێزێکە لەکوردستانداو سەرای ئەو ستەمانە، لەسەرووی هەموویان دەستگیرکردنی بەناهەقی ئەمیری کۆمەڵ، دەرکەوت کە ناتوانرێ پەراوێز بخرێین.

بۆ ئەم قۆناغەی ئێستاش‌و بەشداریی لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، واتە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس النواب)، دیارە سەرکردایەتی بڕیاریدا لەگەڵ لیستی کوردی بێت، هۆکار زۆرن کە بوونە فاکتەر بۆ بەشداربوونمان لەو لیستە، ئەوەندەی ئێستا بوترێت بەکورتی ئەمانەن بەڕای من:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١ـ كۆمەڵی ئیسلامیی بە کردار سەلماندی کە بەرژەوەندیی میللەتی لا لە پێشترەو پێمانوایە ئەم قۆناغەش تا دەستووری عێراق جێگیر دەبێتو بەتایبەت ئەم جارە کە ڕێژەی کورد لە بەغدا کەم دەبێتەوە، بەچاکمانزانی کورد یەکدەنگ بێتو یەك لیستی هەبێت لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندێتی خۆمان وەکو لایەنێکی ئیسلامیی، بۆیە لەبەر گەلی کورد نەوەك لەبەر حزبە دەسەڵاتدارەکانی کورد، ئەم بڕیارەمان داو بەتایبەتیش پاش ئەوەی ئومێدێکمان هەبوو نەهاتە دی.

٢ـ هەڵبژاردنی ئەمجارە تەنها بۆ بەغدایە، بەتەئکید بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردن بکرایە بەو شێوەیە بەشدار نەدەبووین، بەلیستی سەربەخۆ یان لیستی تر دادەبەزین، دیارە بۆ هەڵبژاردنی پێشووش ڕای خۆمان ڕاگەیاندبوو کە پێمان باش نییە بۆ پەرلەمانی کوردستان لیستی هاوبەش هەبێتو هیچ پاساوێکمان نەدەبینی، گەر یەکێتییو پارتی موبەریریان هەبوو پێمانوابوو حزبەکانی تر ئەوکات باشیان نەکرد کە لەگەڵ ئەوان بۆ کوردستان بەیەك لیست بەشداربوون، بەڵام بۆ عێراق جاری پێشووشو ئەمجارەش پێمان چاکە یەك لیستی کوردی هەبێت.

٣ـ شێوازو جۆری هەڵبژاردنی ئەمجارە کە عێراق کراوە بە (١٨) بازنەی هەڵبژاردن، ئەم شێوازە لەبەرژەوەندیی حزبە دەسەڵاتدارەکانە، لەسنووری پارێزگاکان زۆر بەئاسانی ئەو حزبانە ڕێ لە لیستی جیا دەگرنو کێشمە کێشو سەریەشەیەکی زۆر بۆ خاوەن لیستی جیا دروست دەبێت، بەپێویستمان نەزانی بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە کە بۆ عێراقە، خۆمان تووشی ئەو سەرئێشەیە بکەین، با ئەوە بمێنێ بۆ شەڕی دەستووری هەرێمو هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان.

٤ـ ڕاپرسی لەسەر دەستوور لە ١٥/١٠ دەریخست کە دەنگدەری کورد سادەو بە پەرۆش نییە بۆ چوونە سەر صندوقی دەنگدان، ئێمە بۆ ئەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەش بۆ عێراق، چاوەڕێی ساردی زیاتر دەکەین لە دەنگدەران، هۆکارەکانیشی ڕوونن.

٥ـ بە پاساوی لیستی کوردیو دەنگ بدەن بەکورد، دەنگی زۆری لیستە جیاکانی تر دەسووتێنرێت، بەتایبەتی لەناوچە تازە ڕزگارکراوەکان، ئێمە لە هەڵبژاردنی پێشوو بینیمان چۆن بە بەرچاوی نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی نێو لیستی هاوبەش، دەنگی کۆمەڵ دەسووتێنراو بەلیستی کوردی حساب نەدەکراو هەزارەها دەنگمان بەو شێوەیە سووتێنرا، ئەوکات تاڕادەیەك هەندێك وتاربێژی برا ئیسلامییەکانیش بەداخەوە لەسەر مینبەر فەرموویان تەنها لیستی (١٣٠) لیستی کوردەو دەنگی پێ بدەن!، بۆیە لەم ڕووەشەوەو بۆ ئەوەی تووشی ئەم کێشەیە نەبینەوە، لەم قۆناغەدا ئەم بڕیارەماندا.

٦ـ بەشداریکردنمان ئەمجارە بەلیستی سەربەخۆ، مانای وابوو کە سێ لیستی ئیسلامیی هەبێت (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە) بەرامبەر بە لیستی هاوپەیمانی لایەنە عەلمانییەکان دەبوو، ئەمەش دەبووە جێی گلەییو ڕەخنە کە عەلمانییەکان بۆ بەرژەوەندیی میللەت یەك لیستیان هەیە، بەڵام ئیسلامییەکان نەیانتوانی یەك لیست دروست بکەن.

٧ـ بەڕاستی ڕێنماییو بڕیارەکانو کاتە دیاریکراوەکان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵا ڕوونو لەجێی خۆی نەبوو، بەتایبەت لە ئۆفیسی پارێزگاکان زانیاری تەواو دەست نە ئەکەوت، لەبەرئەوەی کۆمیسیۆنی باڵا باش مامەڵەی لەگەڵ نەئەکردنو کاتی دیاریکراویش بۆ پەسەندکردنی قەوارەی سیاسییو هاوپەیمانیی لایەنەکان، هەموو خرابووە پاش ڕاپرسی لەسەر دەستوور، ئەمەش هەڵەیەکی زەق بوو کە کاریگەری لەسەر بڕیاری لایەنە سیاسییەکان هەبوو، چونکە دەبوو پاش دەرکەوتنی ئەنجامی ڕاپرسی بەقەبوڵ، یان ڕەفزکردنی دەستوور، ئەوکات کۆمیسیۆن کاتی بۆ هاوپەیمانی دیاری بکردایە، چونکە قەبوڵکردنی دەستوور مانای جیاوازی هەیە لە ڕەفزکردنی دەستوور لەسەر هاوپەیمانی سیاسیی.

٨ـ دیارە سەرکردایەتیی کۆمەڵ بۆ قۆناغی ئێستای کۆمەڵ لەڕووی سیاسییو ئەمنیو پەیوەندییەکانەوە، وای بەباشزانی کە لە لیستی کوردی بێتو پێمانوایە ئەم بڕیارەمان سوودی دەبێت بۆ داهاتوومان.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمانەی سەرەوەی هەندێك هۆكار بوونو دیارە لەڕووی شەرعییەوە بەشداری لەم جۆرە هاوپەیمانییەدا، لەلایەن جەنابی ئەمیرو شارەزایانەوە تەئصیلی شەرعی كراوە.

**+ یەكگرتووی ئیسلامیی‌و چەند لایەنێكی تر پێشتر لە لیستی هاوپەیمانیدا بەشدار بوون، ئەنجامەكەشی گلەیی‌و گازندەیەكی زۆریان لە بەشداربوونیان هەبوو، جگە لەوەش لەنێو خۆیاندا ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بوونەوە، بۆچی كۆمەڵی ئیسلامیی ئەزموونی لەوان وەرنەگرتووە؟ چونكە هەمان گرفت كە لەنێو خۆدا ڕووبەڕووی یەكگرتوو بووەوە، زۆر نزیكە ڕووبەڕووی كۆمەڵیش ببێتەوە.**

**لەلایەكی تریشەوە، ئایا گرەنتی (ضمان) چییە كە هاوپەیمانیی كوردستان هەمان هەڵوێستیان نابێت، واتە: گرنتی چییە كە ئەوان بەڵێنەكانیان جێبەجێ دەكەن؟**

ـ لایەنەكانی لیستی هاوپەیمانیی پێشوو چاوەڕێ بوون لە بەغدا لەپارەو سەیارەو وەزارات‌و سەفارات وەكو پارتی‌و یەكێتی بەشیان هەبێت، كە ماوەی ساڵێكە هیچیان دەست نەكەوت، بۆیە گلەیی دەكەن، گلەییەكان زۆرێكیان مەوزوعی نین، زیاتر لەسەر ئەوەنەبوو چی بۆ كورد كراوە لەبەغدا، ئێمە كە بەشدار دەبین لەلیستی كوردی چاوەڕێی پاداشت لە یەكێتیی‌و پارتی ناكەین، ئێمە لەبەر گەلی كورد ئەم بڕیارە ئەدەین، گلەیشمان هەبێت لەو دوو حزبە لەسەر ئەوەیە وەكو حزبێكی خاوەن پێگەی جەماوەری مافیان زەوت كردووین.

گلەیی كادرو ئەندامانی یەكگرتووش لە هەڵبژاردنی پێشوو، بەڕای من بۆ بەشداری یەكگرتوو بوو لە لیستی هاوبەشی پەرلەمانی كوردستان، نەك بۆ لیستی عێراق، چونكە بەشداریی حزبە بچووكەكان لەلیستی پەرلەمانی كوردستان لای ئەندامانیان بێپاساو بوو سەنگی ئەو حزبانەی شاردەوە، ئێمە ئەمجارەش گەر هەڵبژاردنی كوردستان بوایە، بە لیستی جیا لە یەكێتیی‌و پارتی بەشدار دەبووین.

ئێمە لە هەڵبژاردنی پێشوو سەنگی خۆمان سەلماند، بۆیە ئەوەی ئەمجارەش لە لیستی كوردی بۆیان داناوین هەردوو حزب دەزانن لە ئاستی جەماوەرەكەمان نییە، بەڵام دیارە وەفدی هەردوو حزب لای جەنابی ئەمیر باسی وەزعی ناسكی كوردیان كردووەو باسی ئەوەیان كردووە كە ڕێژەی كورد دادەبەزێت، لە (٧٧) كورسی بۆ (٥٥ ـ ٦٠) كورسی‌و دەبێت، جگە لە كورد عەرەب‌و توركمان‌و كلدانیش بەشدار دەبن، بۆیە دەبێت حیساب بۆ ئەوانیش بكرێت.

دیارە بۆ نێو ئەندامانی خۆشمان، ئێمە كۆڕو سیمینار دەبەستین‌و جەنابی ئەمیریش كۆبوونەوەی بە بەرپرسی مەڵبەندو سكرتێری ڕێكخراوەكان كردووە، تا ئەوانیش لەگەڵ ناوچەو لق‌و ناوەندەكان دابنیشن‌و ڕوونكردنەوەی تەواویان بۆ بدەن لەسەر ئەم هەڵوێستەی سەركردایەتی‌و هەنگاوەكانمان بۆ دروستكردنی لیستی ئیسلامیی بۆ سەری نەگرت، هەروەها هاندانیان بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردن‌و دەنگدان بەو لیستەی كۆمەڵی تێدایە، جەماوەریشمان متمانەی تەواویان بە بڕیارو هەنگاوەكانی سەركردایەتی كۆمەڵ هەیەو دەزانن ئەم بڕیارە بێ حیكمەت نییە.

بۆ مەسەلەی گرەنتی‌و هەڵوێستی یەكێتی‌و پارتی چۆن دەبێت، ئێمە بەڕاستی چاوەڕێی ئەوەین جەماوەری كوردستان بەسیاسەت‌و هەڵوێستە جوانەكانی كۆمەڵ ئاشنا بێت‌و لەڕۆژو كاتی پێویست شایەتی خۆیانمان بۆ بدەن.

**+ جەماوەری كوردستان بەگشتی‌و بەتایبەت جەماوەری ئیسلامییەكان دەپرسن بۆچی لایەنە ئیسلامییەكان لەنێو خۆیاندا لیستێكی هاوبەشیان پێكنەهێنا، بەربەست چیبوو؟ كەموكورتی لەكێوە بوو؟**

ـ هەموو لایەك دڵنیا دەكەینەوە كە ئێمە لەپێشوو‌داو ئێستاش‌و بۆ داهاتووش ڕێگای یەكەمان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا، بوونی لیستی ئیسلامییە، بەڵام نەجاری پێشوو نە ئەمجارەش نەكرا ئەم لیستە هەبێت، ئومێدم وایە لەداهاتوودا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بتوانین لیستی ئیسلامیی کوردستانی پێك بهێنین، ئەمجارەش سەرکردایەتیی کۆمەڵ لەو پێناوەدا هەنگاوی زۆری نا، وەلاَمی برایانی یەککگرتوو وەکو ڕایان گەیاندووە، وابوو کە ڕاپرسییان بەکادرو ئەندامانیان کردووە، کە بەچی شێوەیەك بەشداربن لـە هەڵبژاردنی عێراق، ئەوانیش لیستی سەربەخۆی یەکگرتوویان پەسەندکردووە بەسەر شێوەی تردا، ئێمەش ڕێزی ئەو بڕیارەیان دەگرین، بەلاَم دیارە کادرو ئەندامانی ئێمە حەزیان لەوەیە کە لیستی ئیسلامیی هەبوایە، ئێمەش وەکو سەرکردایەتی هەوڵماندا و نەهاتە دی، بۆیە پێمانوایە گەر ئێمەو یەککگرتوو بەیەك لیست، یان بەجیا بەشداربین ڕۆڵی خراپی لەسەر پەیوەندییەکانمان نابێت و لەگەڵ ئەوان و غەیری ئەوان و هەر کەسایەتییەکی ئیسلامیش ئایەتی (انما المؤمنون اخوة) کۆمان دەکاتەوە، ئومێدم وایە لەداهاتوو بتوانین هەنگاوی باشتر بنێین و جەماوەر دڵخۆش بکەین.

**+ کۆمەڵی ئیسلامیی وەکو لایەنێکی موعاریز دەرکەوتبوو، بەوەش کەسایەتییەکی بەرچاوی لەعێراق و کوردستاندا تارادەیەك بۆ دروست بوو بوو، ئایا بە بەشداربوون لە لیستی هاوپەیمانی، هەست ناکەن ئەو کەسایەتییە لەدەست بدات؟**

ـ بەفەزڵی خوای پەروەردگار کۆمەڵ بەو ئەنجامەی لە هەڵبژاردنەکان بە دەستی هێنا، توانی خۆی وەکو لایەنێکی ئیسلامیی خاوەن پێگەی جەماوەری بچەسپێنێت و هەڵوێستەکانی جێی دڵخۆشی جەماوەر بوون، بەلاَم نە کۆمەڵ و نە غەیری کۆمەڵیش لەعێراق و کوردستانیش وەکو لایەنی موعاریز ڕەفتاریان نەکردووە، جارێ هەلومەرجی عێراق و کوردستانیش لەبارنین بۆ موعاریزەبوون، دەسەلاَتدار نایەوێ موعاریز هەبێت، یاسا حاکم نییە تا مافی موعاریز بپارێزێ، بۆیە حزبە سیاسییەکانی کوردستان کەس خۆی بە موعاریز نازانێت و خۆشی بە دەسەلاَتدار نازانێت، لەکاتێکدا وەزارەتیش هەیە لە حکوومەت لە هەولێر، یان لە سلێمانی و یەکێتی و پارتیش قەولیان نییە لایەکیان دەسەلاَتدار بێت و ئەوی تر موعاریز، بۆیە برابەش دەسەلاَت و حکومەت و پەرلەمان و پارەو وەزارەتەکان لەنێو خۆیان بەش دەکەن.

بۆیە پێموانییە بەشداری حزبێکی سیاسیی لەگەڵ ئەم دوو حزبە لە لیستی کوردی، لەشەخصییەتی سیاسیی کەم دەکاتەوە، پێموایە زیاتر شەخصییەتی حزبی ئەوکات کەم دەبێتەوە کە تۆ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ عەلمانییەکان بە یەك لیست بەشداربیت وگلەییشت لێیان هەبێت، بەلاَم بۆ بەغدا پاڵنەرەکە جیاوازەو تەنها لەبەر گەلە نەك ئەو دوو حزبە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com